# فووگەی مەرگ

**شیعری: پاول سێلان**
**لە ئەڵمانییەوە: فەرەیدوون ئەرشەدی**
**(ئەڵمانیا)**

شیری ڕەشی بەیانیان لە ئێوارەدا دەنۆشین، نیوەڕوان
دەینۆشین و شەوان
دەینۆشین و دەینۆشین
لە هەوادا گۆڕێک هەڵدەکەنین تەنگەبەرە و ئارام ناگرین
پیاوێک لە ماڵەوە یاری بە ماران دەکات و دەنووسێ
دەنووسێ ئەو کاتەی ئەڵمانیا تاریک دادێت قژە
کاڵەکانت مارگرێت
دەنووسێ و لە ماڵ دێتە دەر ئەستێران دەدرەوشێنەوە
بە فیکەیەک تاژییەکانی بانگ دەکات جوولەکەکانی
بانگ دەکات تا گۆڕێک هەڵکەنن فەرمان دەدات ساز
بژەنن و سەما بکەن

شیری ڕەشی بەیانیان لە شەودا دەنۆشین، بەیانیان
دەینۆشین و ئێواران
دەینۆشین و دەینۆشین
پیاوێک لە ماڵەوە دەژیت، یاری بە ماران دەکا و
دەنووسێ
دەنووسێت ئەو کاتەی تاریکی بەرەو ئەڵمانیا دێت پرچە
کاڵەکانی تۆ مارگرێت
قژە خۆڵەمێشییەکانی تۆ سۆلامیت
ئێمە لە هەوادا گۆڕێک هەڵدەکەنین لەوێ جێمان
نابێتەوە
هاوار دەکات تۆ خاکەکە قووڵتر بکەنە
تۆش گۆرانی بڵێ و ساز بژەنە
دەمانچەکەی ڕادەوەشێنێ، چاوەکانی شینن
تۆ خاکەکە قووڵتر هەڵبکەنە، تۆش بەردەوام گۆرانی بڵێ و
ساز بژەنە

شیری ڕەشی سپێدەت لە شەودا دەنۆشین
نیوەڕوان دەینۆشین بەیانیان و ئێوارانیش
دەینۆشین و دەینۆشین

پیاوێک لە ماڵەوە دەژیت قژە کاڵەکانی تۆ مارگرێت
پرچە خۆڵەمێشییەکانی تۆ سۆلامیت
ئەو یاری بە ماران دەکا و دەقیرێنێ ئەم مردنە شیرینتر
بژەنن
شیری ڕەشی سپێدەت لە شەودا دەنۆشین
نیوەڕوان دەتنۆشین، بەیانیان و ئێوارانیش
هاوار دەکات ڤیۆلۆنەکان تاریکتر بژەنن ببنە دووکەڵ



لەهەوادا
گۆڕێک لە نێو هەورەکاندا هی ئێوەیە تەنگە و جێمان نابێتەوە
شیری ڕەشی سپێدەت لە شەودا دەنۆشین، نیوەڕۆیان دەتنۆشین، بەیانیان و ئێوارانیش
مەرگ مامۆستایەکە لە ئەڵمانیاوە دێت، ئێمە دەتنۆشین، شەوان و بەیانیان
دەنۆشین و دەنۆشین
مەرگ مامۆستایەکە لە ئەڵمانیاوە دێت بە دوو چاوی شینەوە
تۆ بە نیشانە دەنێتەوە، تیری خەتا ناکات فیشەکەکانی قورمیشن
پیاوێک لەماڵەوە دەژیت قژە کاڵەکانی تۆ مارگرێت
سەگەکانی تێمان بەردەدا، گۆڕێک لە هەودا پێشکەشمان دەکات
ئەو بە ماران یاری دەکات و خەون دەبینێ، مەرگ مامۆستایەکە لە ئەڵمانیاوە دێت

قژە کاڵەکانی تۆ مارگرێت
پرچە خۆڵەمێشییەکانی تۆ،
''سۆلامیت''

## ماندۆرلا

لە نێو بادامدا چ وەستاوە؟
هیچ.
هیچ شتێ لە نێو بادامدا ڕانەوەستاوە
لەوێ وەستاوە و وەستاوە.
لە نێو هیچدا.. کێ ڕاوەستاوە؟ پادشا.
وەستاوە پاشا،
وەستاوە و وەستاوە.
پەلکەی لوولی جوولەکە نابێتە ماش و برنجی.

ئەی چاوی تۆ ، لە کوێ وەستاوە چاوی تۆ.
چاوت لە بادامدا بەرەنگار.
چاوت، لە هیچدا بەرەنگار وەستاوە.
مەیلەو پاشایە.
بەم چەشنە وەستاوە و وەستاوە
مرۆڤی پەلکە لوول ، نابێتە خۆڵەمێشی.
بادامی پووچەڵ، پاشای شین.

## ڕاوەستاو لە سێبەردا

ڕاوەستاو لە سێبەردا
زامی دەیان جارە لە هەوا.
بۆ هیچ کەس و هیچ شتێک ڕاوەستاو.
نەناسراو
تەنیا بۆ تۆ
بە تەنیایی.

لە تەک هەموو ئەو شتانەی لە فەزادا هەن
تەنانەت بێ هیچ
وتەیەک.

* پاول سێلان، ساڵی ١٩٢٠ لە باکووری ڕۆمانیا، کە ئێستا وڵاتی ئۆکراینە، لە بنەماڵەیەکی جوولەکە، لە دایک بووە. لە کاتی داگیرکرانی وڵاتەکەی بە دەستی ئەڵمانە نازییەکان، لە تەک بنەماڵەکەیدا خرانە ئۆردووگای کارەوە. باوک و دایکی لە ئۆردووگادا مردن، بەڵام ئەم توانی لە ساڵی ١٩٤٨ بە سەلامەتی دەربازی بێت. سێلان لەو کاتەوە تا دوایین ساتەکانی ژیانی لە شاری پاریس نیشتەجێ بوو، لەوێ زۆربەی نووسەران، هونەرمەندان و شاعیرانی گەورەی سەردەمی ناسی، سەرئەنجام لەساڵی ١٩٧٠دا کۆتایی بە ژیانی پڕ بەهرەی خۆی هێنا. ئەوەی ئاشکرایە، نەهامەتی و کارەسات و دەرد و ڕەنجەکانی مانەوە لە ئۆردووگای کاری نازییەکاندا بۆ هەمیشە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ئەندێشە و ڕوحی ئەو شاعیرە گەورەیە دانا. شیعری سێلان لەو شیعرانەی زمانی ئەڵمانییە کە تێگەیشتنیان زۆر دژوارە. سێلان بە کەڵک وەرگرتن لە تواناییەکانی خۆی، زمانی ئەڵمانی بە شێوەیەک بەکار دێنێ کە پڕە لە کارکردی نوێ و ناوازە، هەروەها پڕە لە نیشانە و ڕەمزە عیرفانی و ئایینییەکانی تەورات.

دەسەڵات و ئاشنایی ئەم شاعیرە داهێنەرە بە سەر زمانی ڕۆمانیایی و فەرەنسی و ئیتاڵیایی و ڕووسی و ئینگلیزی، هەم دەرفەتی ئەوەی بۆ خولّقاندبوو کە مەودای خەیاڵی شیعرەکانی خۆی لە مەودای یەک زبان، تێبپەڕێنێ، هەم توانایی ئەوەی بۆ خولّقاندبوو کە شیعری شاعیرانی ناوداری زمانەکانی دیکە، وەربگێڕێتە سەر زمانی ئەڵمانی.

پاول سێلان، کە لە ئەنجامی ژیانێکی پڕ لە مەترسی و ئاوارەییدا، تووشی چەندان کێشەی دەروونی بووبوو، لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینیدا لە پاریس، خۆی لە ئاوی ڕووباری "سێن"دا خنکاند.

شیعری "فووگەی مەرگ" بەناوبانگترین شیعری ئەم شاعیرەیە کە سەبارەت بە دەورانی دەسەڵاتی نازییەکانی ئەڵمانیا و تاوانە گەورەکانیان بەرانبەر بە مرۆڤایەتی و جوولەکەکان، نووسراوە.

(فووگە: پارچە موزیکێکە تێیدا چەندان بابەت تێکەڵ دەبن، ئەم جۆرە موزیکە کاملترین شێوەی موزیکی کلێسایییە.

**سەرچاوە:**

**https://www.deutschelyrik.de/index.php/celan.html**
**https://en.wikipedia.org/wiki/Paul_Celan**